# چەمکی ئافرەت و پەیوەندیەکانی بەنەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانەوە لەشیعری بێکەسدا

د.فازیل مەجید مەحمود
کۆلیجی زمان – بەشی کوردی

**پێشەکی**

کەباس لەبێکەس دەکرێت،هەمیشە لەبیری خۆماندا بەرەو شاعیرێکی سیاسی دەبەین..ئەمە لەکاتێکدا شیعرەکانی پڕن لەهەڵوێست بەرامبەر خاك و نیشتمان و نەتەوەو پیرۆزیە مێژووییەکەی. دەتوانین بڵێین زۆربەی شیعرەکانی لەنێو ئەم تابلۆیانەدا دەسوڕێنەوە..لەهەمان کاتدا هەمان هەڵوێست بەرەو فەزایەکی تری بردووە کەخوێنەر بەئاسانی هەستی پێ ناکات ئەویش پەیوەستی کردنێتی بەفۆرمی ناوەوەی ئافرەت وەك ئەوەی لەلایەکەوە بیەوێت دەست نیشانی بوونی ئافرەت و هێزەکانی بکات لەنێو کۆمەڵدا لەلایەکی تریشەوە وەك ئەوەی خۆی ڕۆڵی ئافرەت ببینێ و کەسێتیەکان تێکەڵ بەیەکتر بکات،هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیجیەتی کۆمەڵ بەرامبەر ئافرەت کەهەمیشە بە نیگەتیڤانە سەیری کراوە...لەهەمان کاتدا ئامادەنەبوونێکی کاریگەرانەی ئافرەت خۆی لەنێو کۆمەڵدا کە نەیتوانیوە لەنێو نائازادیدا سروشتی خۆی پێناسە بکات..بێکەس لێرەوە ناچارە کەئەو ڕۆڵە وەك ئەکتەرێك ببینێ و جووڵەیەك هەم بەئافرەت خۆی بدات تاخودی خۆی بخاتە کارو هەم جوڵەیەکیش بەبۆچوونەکانی کۆمەڵ بدات بەرامبەر بەئافرەت .

- باسی یەکەم -

دەبینین فۆرمی ئافرەت و باسکردنی لەشیعری نوێی کوردیدا بەگشتی پەیوەستە بەکاری سەربەستی ئەم فۆرمەو بەشداری کردنی لەسەرجەم پرۆسە سیاسی و کۆمەلایەتی و فیکرییەکاندا، بەم پێیە بیناکردنی بازنەی شارستانێتی تەنها بە پیاوان ئەنجام نادرێت ئەمەش بەئاشکرا لەڕێبازی ڕۆمانسیەتەوە کەلەکۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا بەدی دەکرا، لەکاتێکدا شاعیرو نووسەرو پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە بەگشتی بایەخیان دا بەناخو فۆرمی ناوەوەی ئافرەت و ئافرەتیان لەبازنەیەکی داخراوەوە گواستەوە بۆ فراوانترو جوانتر..شاعیرێکی وەك گۆران لەشیعری ئافرەت و جوانیدا هەموو سروشت و جوانیەکانی و جیهان بەگشتی لە پێناوی بزەیەکی ئازیزدا بەخت دەکات و لەبەرامبەریدا بێ نرخیان دەکات کە دەڵێت:

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن
ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن
بەلام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز (٦ : ١٠)

بێکەسیش لای خۆیەوە لەشیعری ( شوری بێکەس دا ) جەخت لەسەر بوون و ئامادەبوونی ئافرەت دەکات و پێشی وایە بەبێ ئەو ژیان لاسەنگەو دڵی دائیم پەست و غەمبارە، پیاو بەتەنها کارنامە کۆمەلایەتیەکانی پێ ئەنجام نادرێت:

دڵێ تەڕ نەبێ.. دڵێ تەڕ نەبێ
دڵێ بەخۆیا دائیم تەڕ نەبێ
سەرخۆشی بادەی رووی دولبەر نەبێ
بەجامی شەراب کەیل و مەستی کەی

خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی (٢ : ١٣٢)

لەئەدەبی عەرەبیشدا رەصافی لەساڵی ١٩٠٩ بەدواوە ئافرەتی لەهۆکارەوە گواستەوە بۆ ئامانج ئەمەش لەشیعرەکانیدا بەڕوونی دەردەکەویت لەکاتێکدا دەیەوێت خوێنەر قایل بکات بەوەی کە پیاوانی ئاینی نەك ئاین لەگەڵ داب و نەریتە کۆمەلایەتیە کۆنەکاندا گرفتی سەرەکی بوون لەبەردەم دەرنەکەوتنی کەسێتی ئافرەتدا،زەهاویش کە هەمیشە پارێزەرێکی ئافرەت بوو لەهەوڵی گەورەکردنی هێزو دەسەلاتی ئافرەتدا بوو،ئەمە لەکاتێکدا گروپێکی تر هەبوون لەناوەوەو دەرەوەی سنووری ئەدەب ئافرەتیان وەك مرۆڤێکی بێ دەسەلات و بێ هێز نیشان دەدا،هەر بۆ ئەم مەبەستە زەهاوی لەرۆژنامەی (المؤيد) ژ ٦١٣٨ ی ساڵی ١٩١٠ باسێکی بەناونیشانی (ئافرەت و بەرگری کردن لێی) بلاوکردەوەو ئەو گرفتانەی خستەڕوو کە ئافرەتی رۆژهەلاتی بەگشتی و عێراقی بەتایبەتی بەدەستیەوە گرفتاربوون وەك ئەوەی:

تەلاق بەدەستی پیاوەوەیە.

لەمیراتدا نیوەی پیاو وەردەگرێت.

لەدادگادا دوانیان بەیەك شایەتی پیاو دەچێت.

پیاو بۆی هەیە لەهەمان کاتدا لەژنێك زیاتر بهێنێ کەئاین خۆی رێگەی پێداوە (٣ : ٣)، لەرۆشنایی گرفتی پیاوە ئاینیەکانەوە (منير بكر) لەکتێبەکەیدا (أساليب المقالة و تطورها في الأدب العراقي الحديث و الصحافة العراقية) دا دەڵێت: (لەکۆنا پیاوانی ئاین پێوانە رەوشتیەکانیان لەدەستورەکانی ئاینی پیرۆز وەرئەگرت و پشتیان پێ ئەبەست کەچی لەژیانی ئاسایی خۆیاندا بەو پێوانەیە نەئەرۆیشتن و بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو یاساو دەستورانەشەوە کاریان دەکرد). (٨ : ١٩٣)

مێژووی نوێ ئەوە دەسەلمێنێ کەئاستی رۆشنبیری ئافرەت لەسەردەمی عوسمانیەکاندا و تەنانەت ماوەیەکیش دوای ئەو سەردەمە ئاستێکی لاوازی هەبوو...دیارە ئەمەش پەیوەست بوو بەهۆکارە کۆمەلایەتی و داب و نەرێتەوە کە ئافرەتیان لەبازنەیەکی داخراودا بەکارهێناوە دوور لەزانست و خوێندن و دەسەلات و هەموو چالاکیە رۆشنبیری و رامیاری و کۆمەلایەتیەکان،(عبدالرزاق هلالی) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني) دا جەخت لەسەر یەك قوتابخانە دەکاتەوە لەسەر ئاستی عێراق لەساڵی ١٨٩٩-١٩٠٢ کە نامق پاشای والی بڕیاری کردنەوەی دابوو،ئافرەت لەنێو زانست و خوێندندا بوونی نەبوو،(٥: ١٥٨) ئەم ستەمکاریە بەرامبەر بەئافرەت وای کرد شاعیرێکی وەك بێکەس سەبارەت بەئافرەتی کورد بەتایبەتی کەبەشێك بوون لەئافرەتی عیراق بێدەنگ نەبێت و هەمیشە وەك ئەرك و فرمان لەبیری گۆرانکاریە کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و فیکریەکانی کۆمەڵدا بێت،ئەمەش بۆ ئەو کاتە کارێکی بوێرانە بوو کەشاعیرێکی وەك بێکەس رووبەرووی چەندین کێشەو کۆسپ بێتەوە هەمووشی لە پێناو بەشداری کردنی کاریگەرانەی ئافرەتدا بوو لە پرۆسەی ژیانی سەردەمدا لەهەموو روویەکەوە،بۆ ئەم کارەش ئەرکی شاعیر لەسەرەتاوە ئەوەبوو چۆن جەماوەر قایل بکات بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کۆن کەکارێکی خراپیان لەسەر کۆمەڵ دروست کردبوو...بێکەس بەچەندین شێواز،بەئاشتی و نائاشتی ،زەبرو زەنگ لەهەوڵی گۆڕینی عەقلیەتی جەماوەرەکەیدا بوو تابتوانێت دواتر بەشێوەیەکی یاسایی و ئاسایی و سروشتی، ئافرەت لەدۆخێکی نالەبارو خراپ بگوێزێتەوە بۆ دۆخێکی باش و باشتر.

لێرەدا رەنگە بوترێت لەرێگەی شیعرو شاعیرانەوە جۆرە دانپیانانێك بكرێت بەبوون و رەگەزی ئافرەت كە بوونێكی چالاك و كارامەیە بۆ پێشخستنی كۆمەڵ ئەمەش لەكاتێكدا باوەڕێك سەری هەڵدا كە ئافرەت هیچ كات كەمتر نیە لە پیاو وە هیچ جیاوازیەكی فیكری و زانیاری لەبنەرەتدا لەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا نیە هەروەك شێوازگەری ئەمەی سەلماندووە لەرێگەی ئەم هاوكێشەیەوە كە باس لەدەست نیشانكردنی پەیوەندیەكانی لێكچوون و لەیەك نەچوون دەكات وەك:

| | مرۆڤ | نێر | مێ | توانا | ژیری | بیر | هەست و سۆز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیاو: | + | + | − | + | + | + | + |
| ئافرەت: | + | − | + | + | + | + | + |

بەم پێیە هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوانەدا نەئەكرا جگەلە جیاوازی بایۆلۆجی (نێر + مێ) بەرامبەر بەم هەڵوێستە مرۆڤانەو فیكریانەی شاعیر پێویستی سەرشانی ئافرەتیش ئەوەبوو كە لەلایەكەوە هێزی خۆی بخاتە پاڵ هێزی شاعیرو لەلایەكی تر بیرلە كەسێتی خۆی بكاتەوە، بەمانایەكی تر ئەركی ئافرەت بۆ ئەو سەردەمە لادان بوو لەسیستم و نەریتە سەپێنراوەكانی كۆمەڵگای رۆژهەڵات بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی تاكو لەبوونێكی ناباوی نەخوێندەوارەوە بگوێزرێتەوە بۆ بوونێكی خوێندەواری باو.

بەم پێیە لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا دەشێت بووترێت كەجۆرە پەیوەندی و دراوسێتی و جێ گۆڕكێیەك لەنێوان شاعیرو ئافرەتدا كاری پۆزەتیڤی خۆیان ئەكەن تاكو هەردوو بەجووتە یان تاك وێنەیەكی پەیوەستی رەوشتی و كۆمەڵایەتی بكەنە چوارچێوەی كارەكانیان...روونتر بڵێین بەهۆشیاری بێت یان نا مەسەلەی ئافرەت رووبەرێكی فراوانی لەژینگەی شیعری بێكەسدا داگیركردووەو تەنانەت بۆتە دیاردەیەكی هەرە گرنگ و سەرەكی شیعری ...دیارە ئەم دیاردەیەش بۆ ئەنجام دانی جوڵەی رۆشنبیری جەماوەر بیناكراوەو دەكرێت تاكو ئەم جەماوەرە بەگەورەو بچوكەوە بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە بەهەموو توێژەكانەوە دان بەمافی رەواو تەواوی ئافرەتدا بنێن،لێرەدا مەرج نیە قەبارەی جەماوەرەكە هەردەبێت گەورە بێت دەشێ جەماوەرەكە لەخودی شاعیرەوە دەست پێبكات هەروەك (ئەسكار پیت) لە (سوسیولوجیا الادب) دا دەڵێت: (هەر نووسەرێك كەدەنووسێت وادائەنێ كە جەماوەرێك لەناخیا بوونی هەیەو هاوبیرێتی هەرچەندە لەراستیدا ئەو تەنیا هەرخۆیەتی)(١: ١٠٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بێكەس تەنانەت هاوشێوەكانیشی و هاوبیرەكانیشی خاوەنی پەیامێكەو مەبەستێتی لەلایەكەوە قەوارەی ئاستی رۆشنبیری جەماوەر زیادبكات و لەلایەكی تریشەوە هەستی خەڵكی و ئافرەت فراوانتر بكات بەرامبەر بەرووبەرەكانی ژیان.

هەر لەبەرئەمەشە دەبینین بینای شیعری و كەرەسەكانی لای بێكەس پشتی بەئاستە پێكهاتەیی و سیمانتیكی و وێنەییەكانەوە بەستووە كە دەشێ لەرێگەیەوە دەست نیشانی پێناسەی شیعری و خەسڵەتە جوان و هونەرییەكانی و دەربڕینەكانی بكەن كەئەمانە تێكڕا لەپێكهاتەو سستمێكی شیعریدا دەتوێنەوە،كەبەهۆیەوە ئاستە بینابیە سادەكان دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستە قووڵەكان هەر لێرەشەوە هەست بەوە دەكرێت كەدەقە شیعرییەكانی بێكەس سەبارەت بەئافرەت خۆی لەهێزە هەڵچوونی و كاریگەرییەكانەوە دەبینێتەوە كەدەبنە هۆكاری گواستنەوەكانی ئاستە مەعریفی و رۆشنبیری و فیكریەكان..بێگومان ئەم كارە خۆی لەخۆیدا گەڕانە بەدوای چەندێتی دەنگ و گوتارو دیاردە پێكهاتەییەكاندا كەزیاتر خۆیان لەكارە

دژایەتی و ململانێکاندا دەبینینەوە بەتایبەتی لەنێوان بوون و نەبوون (من و تۆ) منی شاعیرو تۆی جەماوەر (ئافرەت) کۆن و ئێستا.

- باسی دووەم -

نەسرین (٢: ١٠٢-١٠٣) کە ناونیشانی یەکێکە لەشیعرە هەرە بەهێزەکانی بێکەس لەبواری ئافرەتدا لەشەش وێنەی تاك بیناکراوەو هەر وێنەیەکیش پەیوەندی بەبوونی وێنەکانی ترەوە هەیە تادەگاتە ئەوەی شیعرەکە لەبنەرەتدا بۆیەك مەبەست و ئامانج وترابێ ئەویش ململانێ ی بوون و نەبوونی ئافرەتی رۆژهەلأت بەگشتی و کورد بەتایبەتی بوونی و نەبوونی نەتەوایەتی،شاعیر لەهەر یەکێك لەم وێنانە بەهێز بێت یان بەتەکنیك هەولی ئەوەی داوە جولەیەك بدات بەئافرەت کەبەهۆی داب و نەریت و لێکدانەوە کۆمەلأیەتیەکانەوە گەمارۆ درابوو بەبازنەی کۆیلەیەتی و بەکارهێنان،لەلایەکی ترەوە لەرێگەی ئەم شیعرەوە شاعیر قەوارەو رووبەری رۆشنبیری و کۆمەلأیەتی ئافرەتی کوردمان بۆ دەردەخات و لەلایەکی ترەوە ناخ و دەروون و هەست و نەستی ئافرەتی کوردمان لەرێگەی قارەمانەکەیەوە کە نەسرینە دەخاتە روو نەك هەر بۆ ئافرەتی رووندەکاتەوە بەلکو بۆ کۆمەلێش ئەم دەرخستنانەش لەو رووەوە کە نەخوێندەوارە بێ هەستە،بایەخ بەناوەرۆك نادات و خشل و زێڕ و خۆڕازاندنەوە جوانترین کەرەستەیەتی و لەهەموو شتێك بەباشتری دەزانێت.

شاعیر هەر لەسەرەتاوە بەتەقینەوەیەکی دەروونی کارەکەی ئەنجام ئەدات کەبۆ چەندین سال پەنگی خواردبۆوەو نەیتوانیوە بەهەر شێوەیەك بێت دەری بڕێت..دیارە شاعیر لەسەردەمی لەدایك بوونی ئەم شیعرەی،هێزە هەلچووەکانی لەزیاد بووندا بووەو لەلایەکی تریشەوە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەتاقی تەنها کاری رزگاربوونی لەسیستمە کۆنەکان پێ ناکرێت و بینای دەزگایەکی نەتەوایەتی سەربەخۆو بێ چەوساندنەوەی پێ ئەنجام نادرێت بۆیە بەجەختەوە دەلێت:

نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەولێ نەدەن

دوورە دەرچوونی لەدیلی مەل بەبالێ نافڕێ (٢: ٨٢)

کە بەئاشکرا داوای کۆشش و هەول و یارمەتی ئافرەت دەکات لە پال پیاودا بۆ گەیشتن بەئامانج سەبارەت بەشیعری نەسرینیش کە بەناوی ئافرەت دەستی پێ کردووە کاری شاعیر لەم شیعرەدا چەند داوایەکە:

یەکەم: پێویستە ئافرەتی کورد خاوەن کەسێتی مەعنەوی خۆی بێت و وەك عالەم و پیاوان رۆژانە لەهەولە زانستی و فیکری و مەعریفیەکاندا بێت و کۆتی زنجیرو زولم بپچڕێنێت:

نەسرین دەمێکە داخت لەدلمە

گیرۆدەی بەندی .. ژیانت زولمە

وامن پێت ئەلێم چونکە لەسەرمە

هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

دووەم: پێویستە ئافرەتی کورد بەرامبەر بە پیاو هەست بە لاوازی خۆی نەکات لەکارو ئیش و خوێندندا وە هیچ جیاوازیەکیش لەنێوان نێرو مێ دا نیە:

ئەمرۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەوو رۆژ وا لەفرمانە
فەرقی نێرو مێ نیە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

سێهەم: پێویستە ئافرەتی کورد بەشداری پرۆسەکانی ژیان شان بەشانی پیاو بکات لەهەوڵ دان بۆ زانست و خوێندن و هونەرو ئیش و خزمەتکردندا،کە توانی هەوڵی ئەمانە بدات ئەوسا دەتوانێت بەسەر نەریتە کۆنەکاندا زاڵ بێت کەدیارە هەمیشە رێگر بوون لەبەردەم بەشداری ئافرەت لەم پرۆسانەدا:

مەڵێ من کچم..تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەت کردنی
هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

چوارەم: پێویستە ئافرەتی کورد بەرامبەر بەئافرەتی بێگانە هێز بداتەوە بەخۆی،هەر بۆ نموونە ئاگاداری رۆڵی (جەمیلە بوحیرد) بێت کە رۆڵەیەکی ئازاو بەجەرگی جەزائیر بوو هەروەها پێویستە ئافرەتی کورد هۆشیاربێت و ئاگاداری مافەکانی خۆی بێت کە یەکێك لەهەرە گرنگترین ئەو مافانە بوونێتی لەبازنەی سەربەستی دا:

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە
زەردو لاواز بوویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

پێنجەم: پێویستە ئافرەتی کورد ئەو هەستەی لادروست بێت کە میللەتەکەی کێشەی جوگرافی و نەتەوەیی و سیاسی هەیەو پیاویش بەتەنها و دوور لە زانست و ئافرەت و تێکۆشان ناتوانێت میللەتەکەی بەرێتە ریزی میللەتە سەربەخۆکانەوە:

وەك خوشك و برا ئەبێ هەردوکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان
تاکورد بەرینە ریزی میللەتان

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

شەشەم: پێویستە ئافرەتی کورد ئەو یەقینەی لادروست ببێت کەتەنها نیەو کەسانێك هەن وەك شاعیر لە پشتیەوە بۆ یارمەتی دانی لە پرۆسەی بەشداربوون لەکارە فەرهەنگی و رۆشنبیری و سیاسیەکاندا..
بۆ ئەنجام دانی ئەم داوایانە،دەبینین شیعرەکە لەسەر بنەمای وێنەی بازنەیی دروست بووە کە بریتیە (لەهەڵبژاردنی دێڕێك یان بەیتێك لەشیعرەکەدا و دووبارەبوونەوەی لەهەر کۆپلەیەك لەکۆپلەکانی شیعرەکە یان گرێدانی سەرەتاو کۆتایی شیعرەکە بەو دێڕو بەیتەوە) (٧: ١٩٧-٢٠١)
وە ئەم دووبارە بوونەوەیە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر زۆر بەتاسەوەیە بۆ بابەتەکەی و لەلایەکی ترەوە وەك کارێکی ڤایلکاری لەڕێگەی ئەم وێنە دووبارانەوە دەتوانیت هەستی ئافرەت بجوڵێنیٚ و ناخی بهەژێنیٚ لەئامادە نەبوونیەوە بۆ ئامادەبوون،لە ناهۆشیاریەوە بۆ هۆشیاری، لەڕاوەستانەوە بۆ جووڵە...لە ناباوەڕکردنەوە بۆ باوەرکردن بەخۆ،لەئافرەتێکی رۆبۆتی بیٚ بەرهەمەوە بۆ ئافرەتێکی داینامیکی بەرهەمهێنەر لەهەمان کاتدا ئەو بەیتەی کەئەرکی دووبارەبوونەوەکەو وێنە بازنەییەکە دەبینیٚ کە بریتیەلە:

هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

سەرجەم مەبەستەکانی شاعیرو کەسێتی ئافرەت دەپێکیٚ...لەدێڕی یەکەمدا بەئاشکرا داوا لەئافرەت دەکات بەرلەهەموو شتێك کە تێبکۆشێت،تێکۆشانیش لێرەدا بەچەندین شێوە لێکدەدرێتەوە بۆ نموونە: تێکۆشان شان بەشانی پیاو لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ و ژیان یان تێکۆشان لە پێناو بەدیهێنانی مافە رۆشنبیری و مەعریفی و فیکریەکان،لەهەمان کاتدا شاعیر وریایانە ئەم تێکۆشانەی تێهەڵکێش کردووە بەخوێن گەرمی کەدەلالەتی لاوێتی و هێزو توانا دەدات،واتە گوتارەکە رووبەرووی کچان بۆتەوە نەك قەیرەو پیرەکان کە تواناکانیان سنووردارو کاریگەر نابێت بۆ پچڕاندنی پەتی زوڵم و ستەم و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان،بەم پێیە شاعیر هوشیارە لەجۆری هەڵبژاردنەکەدا،چونکە ئەم جۆرە ئافرەتەی کەشاعیر مەبەستێتی توانای بەشداری و گۆرانکاری و خەبات و خۆپیشاندانیان هەیە،لەدێڕی دووەمدا ئەگەرچی شاعیر باس لەسەرپۆش فڕێدان دەکات بەڵام لەڕووی دەلالیەوە زیاتر مەبەستی لادانی داب و نەریتەکەی لیٚ دەکات کەبەم پێیە بەلای شاعیرەوە گرفتەکان لەوێوە سەری هەڵداوە.
لەنێو ئەم بۆچوونانەی سەرەوەدا دەشیٚ بووترێت کەدوو جۆر هاوێنە هەن یەکێکیان سەر بەشاعیرەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ باس لەنەبوون و بوونی کەسێتی ئافرەتی کورد دەکات و لەکۆتاییدا دەیبەستێتەوە بەکیانی نەتەوایەتی کوردەوە،بەمانایەکی تر ئەو وێنانەی کە بەهاوێنەی شاعیر گیراون ئەگەرچی راستەوخۆن بەڵام وێنەی کراوەن و پەیوەندیەکی دراوسێیەتی کاریگەری هەیە لەگەڵ خودی خۆیی و رەگەزەکانی بەرامبەری،هاوێنەی دووەم سەر بەئافرەتە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کە لەناخەوەو بەشێوەیەکی نەبینراو ئاماژە بەئێش و ئازارەکانی خۆیی و ئەو فاکتەرانە دەکات کە بوونەتە هۆکاری هەرەس هێنانی

هێزی دەربڕینی ئەمەش لەكاتێكدا دەردەكەوێت كە ڕێڕەوی گوتارەكە لەشاعیرەوە بگۆڕین بەئافرەت وەك ئەوەی ئافرەت بەئاگا بێنیتەوەو وا لەئافرەت بكات كەخۆی بە خۆی بڵێت:

هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

یان وای لێ بكات كەخۆی بڵێت: پێویستە وەك خوشك و برا قۆڵی لێ هەڵكەین و بچینە مەیدانی خەبات و تێكۆشانەوە یان بڵێت لێرە بەدواوە باشترو جوانتر وایە لەجیاتی خشڵ و زێڕ پەنابۆ زانست و خوێندن و هونەر بەرین،یان وەكو ئەوەی بڵێت من گیرۆدەی نەفامی و ناهوشیاری و زەلیلی داب و نەریتە كۆمەڵایەتیەكانم هیچ یارمەتی دەرێكم نیە تابتوانم خۆم بترازێنم لەكۆتی زنجیرو دیلی و وەك ئافرەتی بێگانەو جیهانی چێژ لەمانا پیرۆزەكانی سەربەستی و ئازادی و ژیان بكەم لێرەدا دەتوانین بڵێین كەلەڕێگەی هاوێنەی دووەمەوە ئافرەت هەوڵی گۆڕینی هەستە دەروونیە كۆمەڵایەتیە فیكریەكانی خۆیەتی بەبێ ئەوەی پیاو وەك كەسی دووەم بەشێوەیەكی گشتی بەشداری ئەم گۆرانكاریە بكات،بەمانایەكی وردتر ئەگەر داب و نەریتە ترادیشنەكان و لێكدانەوە ئاینیەكانی پیاوە ئاینیەكان كاریگەر بوون بەگرێ دان و كوشتنی هەستە دەروونیەكانی ئافرەت بۆ چەندین سەدە ئەوا لەسەردەمی بێكەسدا بوارێك رەخسا بۆ گەڕانەوەو كردنەوەی گرێ دەروونیەكانی ئافرەت تالەوێوە هەستی بوونی كەسێتی خۆی بكات. ئەگەرچی بێكەس لەنێو خێزان و كۆمەڵگەیەكی شۆرشگێڕ و ئاینیدا پەروەردە بوو بەڵام هیچ كات وێنە خراپ و بێ كەڵكەكانی (نیگەتیڤ) كۆمەڵی فەرامۆش نەكردووەو بەجوانترین شێوە وێنەی گرتوون و ختسونیەتە روو،یەكێك لەو وێنانە وێنەی تیاترۆو تیاترۆخانەو مەیخانەو قومارخانەیە بەمانایەكی تر كۆمەڵگا هەمووی لەیەك وێنەدا كۆنەدەبۆوە،لەشیعری (تیاترۆ ببێ چاترە) (٢: ٩١) وەك دەردەكەوێت شاعیر وەرسە لەبارە دەروونی و فیكری و ئاینیەكەی خۆی بەرەو فەزایەكی تر دەڕوات كە بەتەواوی جیاوازە لەوی پێشو...دیارە ئەمەش بۆ كاری لەبری و لەجێی بۆشاییەكان ئەنجام داوە بۆئەوەی لێكچوون دروست بكات لەگەڵ هەستەكانی ئێستایدا،ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنها وێنەی ئافرەتە تیاترۆكەیەو كەچەندین هۆكار هەبوون بۆ تیاترۆیی..وەك كاری ئابووری و هەژاری و گوشارو كۆمەڵایەتی و حەزو ئاواتەكان..كە ئەمانە تێكرا لادانێكیان لەبارە سروشتیەكان كردوو لادانیش بە پێی سەرچاوەكان پێویستە ئازایەتی و بوێری لەگەڵدا بێت.(٤: ١١٨-١٣٢).

لەلایەكی تریشەوە شاعیریش وەك رەگەزی پیاو شان بەشانی ئەم جۆرە ئافرەتە لادانێكی خۆی بۆ خۆی ئەنجام داوە لەكاتێكدا بەئاشكرا بانگەوازی پەشیمانی خۆی بۆ تیاترۆ نیشان دەدات و خوازیارە تیاترۆكان لەشاردا بمێننەوە و خەڵكان و كۆمەڵگا و دەزگا حكومیەكانی وەرسیان نەكەن چونكە شارەكەی شاعیر وەك خۆی دەڵێت بەم تیاترۆیاتەوە جوانەو بەبێ ئەوان،تاریك و شەوەزەنگە:

سەیری شار بكەی كە چەند تاریكە

بێ زەوق و بێ دەنگ بێ ئەلكتریكە

لەلایەكی ترەوە بەلای شاعیرەوە باری تیاترۆیی باشترە لەقومارکردن و مەی خواردنەوە بۆیە لەكۆتاییشدا رووی دەمی لەبەرپرسان دەنێت و دەڵێت ئەگەر تیاترۆكان گەڕانەوە ڕێزیان لێ بگرن و سەد خێرییان بۆ دەنووسرێت ئەگەرچی لەرووی نەریتەوە وەك خۆی دەڵێت كارێكی ناشیاوە بەڵام چارەسەری كاری ناشیاوتری

پێ پڕ دەکرێتەوە:

ئەگەر هاتنەوە ماوەیان بدەن
خێرتان ئەنووسرێ بایاری بکەن
میسالێکە زۆر نایاب و فەسیح
وتراوە دەفعی ئەقبەح بە قەبیح (٢: ٩٥)

ئێمە لێرەدا لەرووی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە لەبەردەم کۆمەڵێ وێنەداین،یەکێك لەوانە تێڕوانین و خوێندنەوەی شاعیرە بۆ ئافرەتێك کە لەتیاترۆخانەدا کاردەکات کەبەلای شاعیرەوە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت چونکە ئەم جۆرە ئافرەتانە کاریگەرن بۆ رەوینەوەی خەمەکانی شاعیر:

خولاسە تیاترۆ کەسەفەری کرد
ئەم شارە بەخوا زۆر زەرەری کرد
گەر تیاترۆ بێ ئەحواڵ ناگۆڕێ
پارە بەیاری هێندە نادۆڕێ
بە میقدارێکی زۆر هەرزان و کەم
ئینسان کەیف ئەکاو دەرئەچێ لەغەم (٢: ٩٤)

لەهەمان کاتدا ئافرەت کەلەژێر پەردەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئازادی لێ زەوت کرابوو بۆ چەندین سەدەو ساڵ و نەیتوانیوە ئارەزووە سێکسیەکانی خۆی بەرجەستە بکات،شاعیر بوێرانە لادانێك دروست دەکات و وەك ئەوەی بڵێت ئافرەت مافی خۆیەتی بەدوای ئارەزووەکانیدا بگەڕێت و چێژی لێ ببینێ یان وەك ئەوەی ئافرەت خۆی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بڵێت مافی ئەوەم هەیە کە ئازادبم و چێژ لەئارەزووە تایبەتیەکانی خۆم ببینم. شان بەشانی ئەمە شاعیر بەشێوەیەك لەشێوەکان جەخت لەسەر وێنەیەکی تر دەکات کە گەڕانی ئافرەتە بەدوای ژیاندا..ژیان لەپێناو مانەوەی خۆیی و کەس و کارو ماڵ و منداڵی..ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئافرەت لەو سەردەمەدا جگە لەم پیشەیە نەیتوانیوە ژیانی خۆی و کەسانی تر مسۆگەر بکات بۆیە هەڵبژاردنەکەی رەنگدانەوەی کارەکەیە:

ئاخری رۆیین بۆیان چۆڵ کردین
ئەگەرچی نەختێ پارەشیان بردین (٢: ٩٥)

بەمانایەکی تر گوشاری ئافرەت لەلایەن پیاو یان داب و نەریت و ئاینەوە ئەوەندە زۆربوو کەکاری کردبووە سەر ئاستە دەرونیەکانی و لێرەوە پێویستی بەتەقینەوەیەکە دەروونی هەبوو بۆئەوەی جۆرە هاوتەرییەك دروست بکات لەگەڵ هەرەسەکاندا..وەك ئەوەی ژیان هەمووی بەدەست پیاو بووەو پیاویش چی خواستبێ لەئافرەت پێویستی ئافرەت بووە کە جێ بەجێی بکات ئەگەرچی ئارەزووەکانی لەگەڵدا نەبووە...بۆ نموونە،ئافرەتی کورد حەزی بەرازاندنەوەی خۆی کردووە بە خشڵ و زێڕ.. بەڵام نەیتوانیوە،حەزی بەبوونێکی ئابووری کردووە..بەڵام نەیتوانیوە..حەزی بە هەڵبژاردن کردووە دیسانەوە نەیتوانیوە وە هەروەها...ئەمانە تێکڕا کاریگەریان لەسەر دەروونی ئافرەت کردووەو ئافرەتیش هەر بۆشاییەك هەبوایە ئەوا بەبێ گوێدان لەئە نجامەکانی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت ناچار بووە خۆی لێ فڕێ بدات..لەم ڕووەشەوە

لەزۆرجاردا تووشی نارەحەتی و زەرەر بوون.

لەشیعری ( ئەو دولبەرە ) دا ( ٢: ١٦١-١٦٢ )..
بێکەس لەروانگەیەکی کەوە دەڕوانێتە ئافرەت کە پەیوەندی راستەوخۆی بەخودی دەروون و هەست و سۆزو بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە هەیە کە لەئەنجامی تاقیکردنەوەی خۆشەویستی و دڵداریدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کەسەبارەت بەخودی ئافرەت ئەمجارەیان لەبازنەیەکی تردا بە پێچەوانەی ئەوەی کە زوڵم و ستەم لێکراوبێ خۆی زاڵم و ستەمکارەو أستغلالی ئافرەتێتی خۆی دەکات بۆ چەوساندنەوەی پیاو.. بۆیە لەم شیعرەدا تێبینی چەند وێنەی دژبەیەکی ئافرەت دەکەین:
یەکەمیان: ئافرەتێکی دولبەرو قسە شیرین و بەماریفەت:

قسەی شیرینە شیلەیە
ئەو چاوشینەی خنجیلەیە

دووەمیان: ئافرەتێکی بەتوانا کە دەتوانێت سەرنجی خەڵکی لەپیاوان راکێشێ ئەویش بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە هۆی کاری قایلکاری ئەم سەرنج راکێشانە وەك نازو مەکرو فێڵ و قسەی شیرین..
بەمانایەکی تر ئافرەتی کورد لەم شیعرەدا هوشیارەو دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ رەگەزی پیاودا دەکات و دەشزانێت خاڵی لاوازی پیاوان لەکوێدایە کەلەشاعیر خۆیەوە دەست پێدەکات لەکاتێکدا شاعیر وەك کاردانەوەیەك بۆ هەر وێنەیەك لەوێنەکانی شیعرەکە کە تێکڕا بریتیە لەپێنج وێنە عیبارەتی (باوەڕ بەوەعدەی ئەو نەکەی ) دووبارە دەکاتەوە دیارە ئەم دووبارە کردنەوەیەش خۆی لەخۆیدا مەغزایەکی دەلالی هەیەو جۆری یاریکردنەکەی ئافرەت بەشاعیر کاریگەرەو شاعیریش بێ دەسەڵاتە بەرامبەر جۆری یاریکردنەکەو تەنها دەسەڵاتیش کەهەیەتی بریتیەلە ئامۆژگاری خۆیی و خەڵکانی تر کەچی تر باوەڕ بەقسە شیرین و نازو جوانیەکانی ئافرەت نەکەن.
لەلایەکی ترەوە ئەم دووبارە بوونەوەیە بەم شێوە ستوونیە گێلێتی پیاو دەردەخات بەرامبەر ئافرەت کە ئافرەت هەرکاتێك بیەوێت گرەوی خۆی لە پیاوان بباتەوە ئەوا چەندین تەکتیکی هەیە بۆ ئەم سەرکەوتنە.
سێهەم: لەگەڵ گاڵتەجاڕی ئافرەت بۆ پیاو باوەڕهێنانی پیاو بەهێزی ئافرەت و باوەڕهێنانیشی بە گێلەیی خۆیی و بەرزکردنەوەی ریکلامی هەرەس هێنانی لەسەرەتای دوا کۆپلەی شیعرەکەدا دەبینین پیاو هێشتا پابەندە بەبازنەی پەیوەندیەکانی بەئافرەتەوەو خۆی بەخت دەکات لە پێناویدا:

خۆتی فیداکەی هەر کەمە
خەڵاتی ئەو دەردو خەمە

چوارەم: دوای دوا وێنەش (بەخت کردن) جارێکی تر وەك لەدوا بەیتی کۆتایی شیعرەکەدا بەدی دەکرێت ئافرەت هەرلەسەر ستراتیجیەتی خۆی بەرامبەر بە پیاو دەڕوات و چاکتر نابێت لەجاران بۆیە شاعیر بۆ دواجار بانگەوازی هەرەسەکەی خۆی رادەگەیەنێ بەرامبەر بەئافرەت:

بێکەس بەسیەتی چیت لەمە
باوەڕ بەوەعدەی ئەو نەکەی

سەرجەم ئەم بۆچوونانە ئەوە دەگەیەنن کەئافرەت لێرەدا لەرووی دەروونی و فیکریەوە زۆر بەهێزەو ئەم بەهێزیەش وای کردووە گرەوی یاریکردنەکە بەرامبەر بە پیاو بەلا خۆیدا رابکێشێ. ئەمەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت کەئافرەت دەیەوێت تۆڵەی نائازادی خۆی لە پیاو بکاتەوە مەبەستیشی لە پیاو هێزی دەسەڵاتە...لەلایەکی ترەوە ئەم شیعرە هێمایە بۆ هوشیارکردنەوەی ئافرەت و رزگاربوونی لەهێزی دەسەڵات تاهێزی دەسەڵات بگوێزێتەوە بۆ خۆی ئەویش لەرێگەی ئەو تەکنیکانەی کەئافرەت دژ بە پیاو بەکاری هێناوە.

لەشیعری نائومێدی (٢: ١٣٤) دا شاعیر هەستی بەوە کردووە کەهێزی خاك و نیشتمان یەکسانە بەهێزی ئافرەت هەربۆیەکیشە ناونیشانی شیعرەکە هاوبەشیەکی لەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا تێدایە وەك ئەوەی بشێت بۆ هەر یەکێك لەو رەگەزانە..سەبارەت بەرەگەزی ئافرەت لەشیعرەکەدا شاعیر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مامەڵەکردنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئافرەتی کورد هەروا کارێکی ئاسان نیە،راستە لەشیعرەکەدا شاعیر باس لەوە ناکات کەدەنگی ئافرەت لەرووی سۆزداریەوە پۆزەتیڤ نیەو شاعیریش وەك خۆی دەڵێت عاشقەو گرفتارەو سەروماڵیشی لەرێی عەشقەکەیدا دائەنێ کەچی یار هیچ لوتفی نیەو شاعیریش بەمە لەلایەکەوە سەفیل و دەربەدەرە لەلایەکی ترەوە رەزیل و سووك و ریسواو رەنج بەفیڕۆیە.

لەدنیادا نیە وەك من بەعەشقی ئەو گرفتارێ
سەروماڵم لەرێی دانا کەچی لوتفی نەبوو جارێ
سەفیل و دەربەدەر رۆژێ لەکوچەو قوژبنی شارێ
(ئەمان مردم عیلاجێ سالەرێی پێغەمبەرا چارێ
ویسال یا قەتل یا تەسکین،لەهەرسێ بوم بکەن چارێ)

بەلاّم لەکۆپلەی شەشەمی شیعرەکەدا شتێکمان بەشێوەی دەمامك بۆ دەدرکێنێ کە کۆمەڵگا بەئافرەتیشەوە ئەوەندە رێزی ئەدیب و نووسەرو شاعیر ناگرن لێرەدا وەك کارێکی کۆمەڵایەتی و فیکری ئافرەت جۆری هەڵبژاردنە سۆزداریەکەی دەستنیشان دەکات ئەوەندەی بایەخ بەشتە مەتریالیەکان دەدات ئەوەندە بایەخ بەهەستی راستەقینەو کارە مەعنەویەکان نادات ئەمە لەلایەکەوە هێرشی ناراستەوخۆی شاعیرە بۆسەر کۆمەڵگاو ئافرەت کەپابەندی یاساو رێساکانیئەم کۆمەڵگایەیە بەتاییەتی لەکارە نادرووستەکاندا کەشاعیر بەچاکی هەستی پێ کردووە کە رەنگدانەوەی لەسەر خۆیی و کۆمەڵگاکە دروست کردووە لەلایەکی تریشەوە دەست نیشانی ئاستی رۆشنبیری و روناکبیری کۆمەڵگاو هەڵوێستەی ئافرەتی کوردمان بۆ دەردەخات بۆیە کاریگەریەکەی لەسەر شاعیر زۆر قووڵ و خەستە تا کار گەیشتۆتە ئەوەی هاواری لێ هەڵساوەو تەنانەت جیهانی ناهەستیشی ئامادەبوونی دروستانەی نیەو هیچ چارەسەرێکیشی وەك کاری یەکسانی و هاوکێشەیی پێ ناکرێت:

برا کەوتوومە بەر لیسی زەمانەو چەرخی چەپ کردی
بە ناشوکری نەبێ رۆژێ نەبوو بۆ خۆم بڵێم ئۆخەی

عیلاجی دەردی من نایە بەعودو رودو جامی مەی
(وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فریادم نەما سادەی
رەفیقان نیوە سووتن ئێوە نامەرد عەرزە هاواری)

هەر لەم شیعرەدا وەك شیعرەكەی پێشو (ئەو دولبەرە) ئافرەت بەتوانایەو توانیوێتی بەشێوەیەكی زۆر هێمنانە پیاو نارەحەت بكات:

لەكۆڕی عەشق و دڵداری هەتا زوو دەربچم چاكە
هەموو رەنجم بەفیڕۆ چوو لەگەڵ ئەو شۆخە بێ باكە

بێ باكی ئافرەت بۆ پیاو خۆی لەخۆیدا چەند مانایەك هەڵدەگرێت وەك:
ئافرەت خاوەنی دەنگی سۆزداری و دەروونی خۆیەتی بە پێی خواستەكانی پیاو كوێرانە مامەڵە ناكات.
ئافرەت ئەگەر بیەوێت خۆی لەكۆتی زنجیری داب و نەریت رزگار بكات ئەوا توانای هەیە بۆ ئەم خۆ رزگاركردنە ئەویش هەر نەبێت بایەخ نەدانە بەكێشی پیاو.
سەروماڵم لەرێی دانا،كەچی لوتفی نەبوو جاری

لەشیعری شینی حەلاودا (٢: ١٧٢) بێكەس بەئاشكرا ئیستراتیجیەتی خۆی بەرامبەر بەئافرەت دەردەخات تادەگاتە ئەو ڕادەیەی یەك گیان بن لەدوو لاشەدا كەئەم جۆرە هاوكێشەیەكی بابەتی چونیەكی دروست كردووە دیارە بەرامبەر بەم هەستەی شاعیر ئافرەتیش (حەلاو) بەهەمان قورسایی خۆشەویستی یەكی راستەقینەی لای شاعیر بەجێ هێشتووەو شاعیر ناتوانێت نكوڵی لەو راستیە بكات بەواتایەكی تر جۆری پەیوەندیە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكەی راستەقینەو دڵسۆزیەكەی حەلاو ئەوەندە كاریگەرە تا كار گەیشتۆتە ئەوەی شاعیر دوای جێ هێشتنی حەلاو خواردنی بۆتە شیوەن و ماڵی سەرگەردان و وێرانەو شیرینی لەلای بۆتە تاڵی و خۆشی بۆتە خەفەت و رۆژ بۆتە تاریكستان:

لەو رۆژە باڵای تۆ كەوتە ژێر خاك
تاریكە شەوە لام رۆژی رووناك (٢: ١٧٢)

ئەمانە تێكڕا وانەیەكی كۆمەڵایەتی و سۆزداری كۆمەڵگای كوردمان نیشان دەدات كەهەموو ئافرەتەكانمان لەنێو بازنەی فێڵ و مەكرو دەسخەرۆیی ناسورێتەوە وەك لەشیعری (ئەو دولبەرە) دا بەدیمان كرد،واتە ئافرەتی كورد بەنموونەی حەلاو هێمای پیرۆزی رێزو خۆشەویستی و سۆزی راستەقینەو وەفاو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانە..ئەوەتا شاعیرێكی وەك بێكەس لەرووبەری سیاسی و شۆرشگێریەوە گواستۆتەوە بۆ رووبەری سۆزو خۆشەویستی و هەستە كۆمەڵایەتیەكانەوەو ژیانیشی بەبێ حەلاو یەكسانە بەرامبەر بەهیچ:

گیانە من بێ تۆ وێرانە ماڵم
وێڵ و سەرگەردان پەشێوە حاڵم
شیرینیم تاڵی،خۆشیم خەفەتە
دەروون زامدارو جگەر لەت لەتە (٢: ١٧٢)

ساقی لە پەردە دەرهات پێنج خشتەکیەکی بێکەسە لەسەر غەزەلێکی سالم،(٢: ١٢٥)

ئەگەر لەرابردودا دەزگا کۆمەلآیەتی و فیکریەکان بەتاکی پیاوەوە هیچ بایەخیان بەمانا گەورەو پیرۆزە شاراوەکانی ئافرەت نەدا بووبێ کەبێکەسیش یەکێك بووە لەو تاکانە کەدەڵێ:

بیستومە ئیمرۆ دولبەر تەشریفی چۆتە سەیران

هەستام و چوومە سەحرا منیش بەیادی جاران

هۆشم نەما کەبینیم لۆمەم مەکەن رەفیقان

بەلآم بێکەسی رۆمانسی و هەست ناسك بەبینینی ئافرەت و یارو هێزەکانی زوو خۆی ترازان لەجیهانی هۆش و بەرەو جیهانە ناهۆشەکە کەوتەڕێ،دەشزانێ شتێکی سەیری بەدواوەیەو لادانێکە لەکارە ئاساییەکە بۆیە دەڵێ:

هۆشم نەما کە بینیم لۆمەم مەکەن رەفیقان

لەنێو بەزم و رەزمی ئەم جیهانە بێ هۆشیەدا وێنەی ئافرەت و یار ئامادەبوونێکی کاریگەری دەبێت شاعیر لەرێگەی ئەم جیهانەوە راستیەکانی پیاوو خۆی بەرامبەر بەئافرەت نیشان دەدات چونکە لەجیهانی بێ هۆشیدا هیچ سانسۆرێك نیەو مرۆڤ ئازادانە ناخو دەروونی خۆی و خەڵکانی تر ئاشکرا دەکات:

لەکۆڕی بەزم و رەزما، لەحاڵەتێکی مەستا

دانیشتبووم لەناکاو عودو کەمانە وەستا

لە حیرە تا سەرا پا مەجلیس عمومی هەستا

لێرەوە شاعیر بوێری خۆی بەهۆی ئەم حاڵەتە مەستیەوە دەچێتە نێو هێزی جوانی ئافرەت و ئاشکراشی دەکات کەتاکی پیاو بەبێ جوانی ئافرەت هیچ مانایەکی نیە..بیرکردنەوەو زیرەکی و توانای فکریشی بەهۆی ئافرەت و جوانی ئەوەوەیە:

جەمالی تۆیە فکری بەئێمە بەخشی نەشمیل

دڵ بەندی تۆم و غەمبارو پەستم و دیل

مەحرومی دیدەنیتم دووچاری عیللەتی سیل

لەکۆپلەی دوایشدا جارێکی تر هەرچی خەم و خەفەت و ناخۆشیەکانێتی ئەیخاتە ئەستۆی ئافرەت و هێزو توانای ئافرەت و جوانیەکەی،بالآیە بەسەر کەمی شاعیردا وەك نموونەی پیاو بەواتایەکی تر ئەگەرچی ئافرەت لەبوارە کۆمەلآیەتیەکەدا پێشێل کراوو ریسواو بێ دەسەلآتە کەچی بەبارێکی تردا لەبوارە سۆزداریەکەدا تەواو پێچەوانەو هەق کەرەوەیە لە پیاو...

لەمانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئافرەت دەتوانێت بە پێی هێزەکانی فۆرمی ناوەوەو دەرەوەی خۆی بۆچوونەکانی پیاو بەرامبەر بەئافرەت لەنێگەتیڤەوە بگۆڕێت بۆ پۆزەتیڤ (لەنادروستەوە بۆ دروست)،لێرەدا هەست بەبڵندی ماناکانی ئافرەت دەکەین کەپیاو بەبێ ئەو مانایانە سروشتی نیە..بێ مانایە..بەمانایەکی تر بەمەبەستی بەدەست هێنانی فۆرمە سروشتیەکانی ئافرەت کەبۆ چەندین کات لەلایەن دەزگاو داب و نەرێت و پیاوەوە زەوت کرابوو، پێویستی سەرشانی ئافرەت خۆی بووە کەبەچاوی

ڕێزەوە بڕوانێتە فۆرمەکانی خۆی تاکو لەبەرزیدا لەنگەر بگرێت و پیاوو داب و نەرێتەکانیش لەبەردەمیا کرنووش بەرن،بۆیە لێرەدا ئافرەت دەبێت لەرووی دەروونی و فیکریەوە بەئارام و خۆراگربێت تاکو گۆمی بێ ئارامی پیاو بشڵەقێنێ و جۆرە شکاندنێك لەبۆچوونەکاندا بخوڵقێنێ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت توانای بەشداری کردن و گۆڕینی کۆمەڵی بە پیاوەوە هەیەو سیحری هێزی دەسەڵاتی رابووردووش پووچەڵ دەکاتەوە:

بە ئاخ و داخی تۆوە شەو تا سەحەر ئەدەم تل
نەختێ لەخوا بترسە ئەی چاورەشەی شل و مل
ئۆباڵی من بەئەستۆت بەسیە نەما تەحەممول (٢: ١٢٦)

ئەنجام:

لە باسەکەماندا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

بێکەس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك کەسێتی و ئەکتەرێك ڕۆڵی ڕاستەقینەی فۆرمی ناوەوەی ئافرەتی کوردی بۆ ئەو سەردەمەی خۆی بینیوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر مەبەستێتی ئەم ڕۆڵە ببینێ تا ئافرەتی کورد بەبەراورد لەگەڵ پیاودا سنوری یاسا ترادیشنەکان ببەزێنێ و ئەرك و تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ، ئەمە لەکاتێکدا کە ئافرەت خۆی بۆ خۆی بوێری ئەم جۆرە ڕۆڵەی نەبووە.

بێکەس بە پێچەوانەی زۆرینەی شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی ئافرەتی وەك ئامانجێك نیشان داوە نەك وەك کەرەستەو هۆکار، بەمانایەکی تر ئەم جۆرە ئافرەتەیە لای بێکەس کە دەتوانێت شان بە شانی ڕۆڵی کاریگەر ببینێت بۆ بنیاکردنی دەزگا ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان..بەم پێیە ئەم جۆرە ئافرەتانە تەنها ئاماژەکردن نیە، بەڵکو بەهێزە، دەسەڵاتە..توانایە..کەسێتی یە .

ئافرەت لای بێکەس بازنەیەکی فراوانی داگیرکردووە و سنوردارنیە تەنها بە یەك چەمك...لێرەدا مەبەستێتی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت کە لەنێو بازنەی سۆزێکی ڕاستەقینەی کراوەدا خۆی دەنوێنێ...ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر لە ڕێگەی ئافرەتی کوردەوە هەواڵی بە جیهانیبوونی ئافرەتمان بۆ ڕادەگەیەنێت، واتە لەلایەکەوە لە هەوڵی فراوانکردنی بەهای ئافرەتی کوردایە و لەلایەکی تریشەوە جۆرە پەیوەندی و دراوسێتی یەك درووست دەکات لە نێوان ئافرەتی کورد و دەرەوەی کورد بەو هیوایەی بتوانێت جوڵەیەك بە دەنگی ئافرەتی کورد بدات و دۆخەکەی لە وەستاوەوە بگۆڕێت بۆ ناوەستاوی کارو پیشەو ئەرك تا بتوانێت لە ئێستا و ئایندەدا وەك ئافرەتانی جیهانی جێگەی پەنجەی خۆیان دیاری بکەن.

بێکەس بوێرانە چۆتە ناو بازنەی دەروونی وکۆمەڵایەتی ئافرەتی کوردەوە، دیارە ئەم شێوازە لە لایەکەوە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەو بە ئاگابوونی کۆمەڵ بەکارهێناوەو لە لایەکی تریشەوە چۆنیەتی پیاوی کوردمان بۆ نیشان دەدات کە هەمیشە بەدوای فۆرمە مەتریالیزمەکانی ئافرەتدا دەگەڕێت.

**شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ ڕەخنەی لە ڕژێمەحکومی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت کە هیچ کات بەرژەوەندی ئافرەتیان لە خۆنەگرتووەو ئافرەتیان وەك ئامرازێك و هێزی دووەم نیشان داوە، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتە بێگانەکان بەلای بێکەسەوە بایەخێکی بێ سنووریان بە ئافرەت داوە.**

سەرچاوەکان:


١. اسكاربيت،سوسيولوجيا الادب،بيروت-لبنان،١٩٩٩.

٢. بێ کەس،دیوانی بێ کەس،ڕێکخستن و پێشەکی محمدی مەلا کەریم،چاپی سێهەم،چاپخانەی (حسام) بەغدا،١٩٨٦.

٣. جميل صدقي الزهاوي،المرأة و الدفاع عنها،صوت اصلاحي من العراق-جريدة المؤيد،العدد ٦١٣٨/١٩١٠.

٤. ظاهر لطيف كريم،الانزياح من شعر حاجي قادر كويي،مجلة سردم العربي،العدد ٩/٢٠٠٥.

٥. عبدالرزاق الهلالي،تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني،بغداد،١٩٥٩.

٦. گۆران،دیوانی گۆران،بەرگی یەکەم،کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق،بەغدا،١٩٨٠.

٧. محمد صابر عبيد،القصيدة العربية الحديثة بين البنية الدلالية والبنية الايقاعية،اتحاد الكتاب العرب على شبكة الانترنيت: http/www.awu-dam.org ،دمشق،٢٠٠١.

٨. منير بكر،اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية،١٩٧٦.


## کورتەی باسەکە


**ئەم لێکۆڵینەوەیە، پشت بەست بە چەند شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد بێکەس، هەڵێکە بۆ دەست نیشان کردنی بەهاو هێزی ئافرەتی کورد کە لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە سەردەمی شاعیردا بە پلەی دووەم دوای پیاو هاتووە..**

**شاعیر بوێرانە دەست نیشانی لایەنە نادرووستەکانی کۆمەڵ و هێزی دەسەڵات و ئافرەتی کردووە، دیارە دۆخە کۆمەڵا یەتی و داب و نەریتەکان یارمەتیدەرێکی گەورەبوون بۆ ئەم بێ هێزی یە...شاعیریش وەك ئەرك و کار هەوڵی گەڕانەوەی ئەم بێ هێزی یەی دەدات بۆ دۆخە سروشتیەکەی خۆی تا ئافرەتی کورد بتوانێت شان بە شانی پیاو یان یەکسان بە ئافرەتانی جیهان بەکارو پیشەو ئەرکی خۆی هەڵسێت.**

## خلاصة البحث

ان هذه الدراسة اعتمادا على بعض قصائد الشاعر الكردي المعروف بيكەس ، هي محاولة لتحديد القيمة المعنوية للمرأة الكردية التي عند الأكراد في ذلك الوقت تأتي بالدرجة الثانية بعد الرجل. فالشاعر ، بجرأة عالية ، بيّن الجوانب السلبية للمجتمع و السلطة و المرأة و حمل مسؤلية ذلك على الأوضاع الأجتماعية السيئة مع عاداتها و تقاليدها ... من هنا ان الشاعر كوضيفته حاول تغيير عنصر الضعف الى اللاضعف.. لكي تستطيع المرأة الكردية بجانب الرجل ممارسة مهامها و واجباتها الأجتماعية و الفكرية.

## Summary

*This study, which depended mainly on some poems of the great Kurdish poet [Bekas], is an attempt for deter mining the material value of the Kurdish women whom by the Kurds, at that time, came in the second place after men.*
*The pots with great courage declared the negative sides of the society, authority and woman, he held the responsibility of his on a bad social conditions.*
*Here, the poet as his duty tried the best to change the clement of weak to strong , in order that, the Kurdish women beside men, can practice her social and ideas functions.*